بەرابەری
صدام حسین
سەرکەوتنمان
بەدی هێنا

# دەنگی ماف و باوەڕ

■ موکەڕەم ڕەشید تالەبانی ■

[ بۆ یادی چوارەمین ساڵەی سەرکەوتنی جەنگی قادسیەی صەدام ]

ساڵ هات ، ساڵ تێپەڕی
دیواری هێز
لەنێو دڵو دەروونماندا
بەستەی سەرکەوتنی خۆری هیوای چڕی !!
کۆرپەی ئاوات ..
ئەشکی سوێری چاوی دوێنێی
پڕ لە کارەساتی دڵتەزێنو
ڕەشی سڕی !!
لەودیو دەشتە سەوزەکانی
دڵمانەوە ،
درەختی نوێی وورەی باڵا
وەکوو خەونو شێوەی ئاڵا
ڕەگو ڕیشەی زۆر پتەوی لێداکوتی
گوڵی مژدەیەکی دێرین ..
لەناو کێڵگەی هەوڵدانو خەباتی نوێی ..
گەلی نوێدا
گەشایەوە !!
دەنگی بڵند ، دەنگی بڕوا
ڕووناکیی دڵ ، ڕوونیی چرا ..
لە سنووری دەشتی سەوزی خاکی گەشدا
ڕووایەوە !!
گوڵی هیوا ..
خونچەی گەلو خەباتی نوێی
تێکرا چڕی .. !
ساڵ هات ، ساڵ تێپەڕی ..
کاروان .. چاوی
پڕ فرمێسکاویی .. گەلی سڕی .. !!
لەودیو سنوورەوە ..
دوژمنەکان .. ناحەزەکان ..
لەداخاندا ؛
یەخەی ڕقو کینەی خۆیان ..
تا خوار دڕی !!

* * *

ساڵ هات ، ساڵ تێپەڕی
وەرز لە دوای وەرز یەکیان جێهێشت
ڕێیان نەهێشت ..
نەیگرنە بەر !!
نەما سەنگەر ..
نەما هەوڵو ، نەما خەونو
ڕێی جادووگەر
پێیدا نەچن !!
لووتی فێڵی زوو لێنەدەن ..
تووڵە ڕێگای
پێچو پەنای
خەونە ڕەشەکانی مێشکی
جادووگەری پێیدا نەبەن !!
کەچی .. هەرچی ..
شاخی فێزو لافی زلیان
لەگیاندا بوو ..
لە سنووری شوورەی پۆڵای
گەلی پڕ لە ووزەو ئازایەتیی شۆڕەسواری
کاروانی نوێی مێژووی گەلدا
بە بازووی تیژ .. بازووی گەلی زۆر هۆشیاری
ئەم مێژووە خونچە نوێبە
بە یەکجاری ..
لە بەردەمی گوزگیی گێتیی
ئەم سەردەمە جەنجاڵەدا ..
خراپ شکا .. !
لەنێو کۆڕی گەلانی ڕووی زەمینیشدا ..
ئابڕووی ڕەشیان .. خێرا تکا .. !!

* * *

ساڵ هات ، ساڵ تێپەڕی
دوژمنی گەوج
بە چەقۆی تیژ ، چەقۆی دەستی
گەلی مافپەرستو وووریا
دەستو پەنجەی بێمێشکیی خۆی
خراپ بڕی !!
ئەشکی چاوی بێباوکێکی
لەناو شارو هیچ گوندێکی وولاتی خۆی
هەر نەسڕی !!
سەری بڕی ..
سکی خەونی بێتاوانی
بێدایکانو بێباوکانی
گوندو شارەکانی ..
تێکڕا .. دڕی !!
لەتێك نانی ..
بۆ برسییەك .. بۆ هەژارێك ..
بۆ نەدارێك ..
هەر نەکڕی .. هەر نەکڕی !!

* * *

ساڵ هات ، ساڵ تێپەڕی
دەنگی زوڵاڵ
دەنگی بێباڵ
پەردەی کینەو ڕقی دڵی
دوژمنانی گەلی دڕی !!
شۆڕەسواری چاپۆکی گەی ..
نیشتە شوێنی ڕقو کینەو
گەیشتە گەل !!
دەنگی مافو ئاشتیی لێهەڵهێنا
مژدەی خەونی گەشو
سەرکەوتنی لووتکەی بەرزی
نیشتمانی دژلەو فوراتی ڕێی هێنا !
دژلەو فورات
خەونو خەبات
بوونە دەستی هێزو شمشێری ڕێ
شۆڕەسواریان بەرز کردەوە !
دەنگی بەرزی زۆر زوڵاڵیان ..
بۆ لاپەڕەی کارە نەبەردییە گەشەکانی
مێژووی دێرین ..
زوو بردەوە !!
شۆڕەسووار .. بوو بە هەتاو
هەتاوێکی پڕ ڕووناکیو تاو
هەموو سووچو قوژبنێکی شارو لادێی
زوو گرتەوە !!
گەلی هۆشیار ..
بوو بە شمشێر .. !
شۆڕەسواریش .. هەڵیگرتو
ڕێی کاروانی پێشەقکردو
مانەندی شێر ..
مژدەی سەرکەوتنی بۆ بردەوە !!

* * *

ساڵ هات ، ساڵ تێپەڕی
دوژمنی شێت
شاخی گەوجیی لە دیواری پۆڵایینی
نیشتمانمان هەڵسوو
وەرز هات ، وەرز چوو
سوودی نەبوو !!
نەك هەر شاخی ..
دوژمن خۆیشی .. پەکی کەوتو
زوو تێیدا چوو !!

* * *

ساڵ هات ، ساڵ تێپەڕی
خوێنی خەبات
پەڕەی مێژووی تێکۆشانی گەلی
سوورکرد !!
گیانی ئەمر ..
لە سەنگەری خاکو ئاوو
ئاسمانی نیشتماندا
خۆی بەخت کرد !!
بە سۆزەوە
بە دڵێکی دڵسۆزەوە
بۆ دوو چاوی خاکی دێرین ..
کڕنووشیبرد !!
بە خوێنی گەش ..
ناونیشانی کاروانی نوێی
لەسەر پەڕەی مێژووی خاکدا
گورج تۆمارکرد !!
هەواڵی ڕێی تێکۆشانی ..
بۆ دێو شار برد !!
خوێنی گەشی .. بوو بە خونچەو
لەنێو دڵی هەمووماندا .. ڕووایەوە !!
بەو خوێنە بوو
نیشتمانمان بەسەر بڵندیی پڕ باوەڕ
خۆی ڕاگرتو
هەوڵی گەندو پڕوپووچی دوژمنی گێل
یەك لە دوای یەك تووایەوە !!

* * *

ساڵ هات ، ساڵ تێپەڕی
هەتاو ، شۆڕەسوار ، ئاشتی ، کاروان
خەونو ، ئاوات
هیوا ، خەبات
خاکو ، ئاسمان
ڕێی نیشتمان
سەرکەوتنو ، فیداکاریو
خاك پاراستن
ماف پەرستن
بوونە ووشەی فەرهەنگی نوێی
گەلی بێدار
بوونە بەستەی ڕۆژانەی ژین
بەستەی دێرین !!
بە دەنگی بەرز گەل دەیچڕی ..
گەل دەیچڕی !!

# گازندە
## بۆ دیفەدانکێد کاڵێ ریهـ درێژ

■ هشیار محمد ڕێکانی ■

— ١ —

فێل بازۆ ..
ڕێ دەرازۆ
بۆ من دل خۆشیا نەبێژە .
من بێ زانی ..
زۆر ژ مێژە .
ئەو ڕێکا تە ڤەوژارتی ..
گەلەکا دویرو درێژە .
بێ دویماهی و بێ ئەنجامە ..
ڤێجا بەسە ،
من نەڤێت بۆ من نەبێژە .
ژبەر وان گۆتنێد جارا ..
ئەزێ بوویمە کەڕو گێژە
وان گۆتنا بەس ڤەبجی ..
بۆ من کریارەکێ بکە ،
پاشـــنکێ تو بۆ من بێژە
باش برێنە ..
ئەوێ ڕێکا تو لێ دچی ،
پارزو ستریا لێ نە چینە
تە زۆر کەس دگەل خۆ برن ..
مە ژبێ تە خۆلیو قرێژە
هەر ژمێژە
هەر ژمێژە

— ٢ —

حیلە بازۆ ..
دێوێ سێ سەر ، حەفتیارۆ
درندەیۆ ..
ئەی هرچو گوگو دەهبەیۆ
دێ بینە بیرا خۆ جارێ ..
وان گۆتنێد پارو پێرار
گشت درەو بوون .
ئەو تەڤنێد تە دراچنین ..
داڤو دێمجانو تەلهە بوون .
ڤێ گاڤێ ژی ..
تەڤنێ تە تەڤنێ بەرێیە ،
بێ بوویە ئالۆزو کەڤن
بەیقێد تە ئەزمانو دەڤن
بەسە بەسە ..
من نەڤێن بەیقێد بێکرن
گەلەك کەس ژبەروان مرن .
نانێ تەبێ لسەر سێلێ بوویە ڕەژوی ..
گرارا تە یا بۆسی بووی .
ئەو کەسێد تە کرین ڕێگر ..
پێد باشقە چووی
ئەو تەرشێ تە تالان کری ..
بێ بۆ خودانی زڤری
دەمێ هاتی
ها نێزیکە ،
دێ تو مری .
دێ بەرچڤی
قەد نالڤی ...

# سوپای دلێری عێراق

■ علی ناجی عطار ■

سوپای عیراقی جەنگاوەر بە جەرگ
ڕۆڵەی دلێری نەترساو لە مەرگ

نیشتمان پەروەر یەکەم سوپایە
کە جێگای فەخرو باسوسەنایە

بۆتە پاسەوان بۆ ئەم میللەتە
ئازا وەك پڵنگ خاوەن هەڵمەتە

مەردو پاڵەوان لەسەر کەوتنا
کەزاڵە بەسەر هێزی دوژمنا

لە مەیدانی شەڕر دوژمنی بەزان
مۆڵگاو بنکەیان هەموو تێکشکان

هەزاران دوژمن کرا تا رومار
بەفرر چووە یا هەرایکرد فیرار

یا گیران بەدیل یا بە کوشتن چون
یا لە دەس مردن رای کردو دەرچون
ئەو زەبرە زلەی کە رای لە دوژمن
شێری دەبان بو ئاراستەی گەردن
عیراق سوپاکەی بە بیرو باوەر

دوژمن را ئەدا لە مەیدانی شەر

دوژمن بە ناحەق بە شەرر فروشتن
سوپای بەزیوی ئەدا بە کوشتن

دەرکەوت کە عیراق زۆر فیداکارە
لە فەننی شەڕدا بە ئیفتیدارە

٤٢ مانگە شەڕ بەبێ وەستان
نەیتوانی بکری بستێ لە ئەرزمان

شەڕ ناچنە سەر قەت بە ئینکاری
بە کەللە رەقییابە لاساری

عیراق بەم هەموو دەستو توانایە
بەم هەموو هێزو چەکو سوپایە
لەگەڵ ئەوەشدا کە سەرکەوتوە
هەمیشە داوای ئاشتی کردوە
دوژمن بەم هەموو دیلو کوشتارە
کەوا سوپاکەی پێی گرفتارە
بۆ راوەستانی ئەم خوێن رشتنە
بۆ ئەم زیانو ئەوتو کوشتنە

هێشتا بۆ چاکە گرێی خۆی شل ناکا
هەر بو خراپەکە لێن زل ئەکا
لیژنەی مەساعی حەمیدەی ئیسلام
هەموو دوەلی خلیجی بە عام
لەگەڵ بریاری یەکێتی گەلان
کە زۆر گرنگە بو هۆی شەڕ وەستان
ئەمانە بێجگە لە زۆر دەولەتان
کە خێرخوان ئەدەن هەولی شەڕ نەمان
کەوتنە بەینەوە کە شەڕ نەهێنێ
ئاشتی لە بەینا بەرەبستێنێ
بەو تو وێژو دوستیو برایی
کەوا پێی بێنن بەم شەڕە دوایی
لەگەڵ ئەم هەموو هەولی ئاشتیە
نایەتە سەر ڕێ کە ڕێی راستیە
بەڵام پێویستە زۆرچاك بزانێ
دوژمن بە سوپای عیراق ناتوانێ
قەت تەواو نابێ ناکۆکی بەشەڕ
شەڕ ئەنجامی هەر شەڕە بۆ بەشەر

Institut Kurde de Paris

بەرابەری
صدام حسين
سەركەوتنمان
بەدی هێنا

# چوار ساڵ بەرەنگاری مەردانە

# چوار ساڵ بیناكاری عێراقی مەزن



● بەرەو رووناكی رۆژی سەركەوتن .






● بۆ ئەوەی تیشكی زەردەخەنەی سەر لێویان نەكوژێتەوە چوار ساڵە مەردانە بەرەنگاری گەردەلولی زەرد دەبێتەوە .

● سەنگەری سەربەرزی چۆڵ ناكەینو ئالامان هەمیشە شەكاوە دەبێ .



● هەروەك چوار ساڵی رابووردو ، هەر رۆژێك سەركێشی بكەنو بیانەوێ زەفەر بە سنوورمان بەرن ، ئاوەهایان لێدەكەینو سنووریان بۆ دەكەینە گۆڕستانو دۆزەخ .



Institut Kurde de Paris

